## قەسرێ..

# هاوسەرگیریی زۆرەملێ و شووکردنی سەربە هەوێ دیاردەیەکی زەقی کۆمەڵایەتی

قەسرێ سەر بە قەزای (چۆمان)ـەو ٣٣ گوند لەخۆ دەگرێت، بەرفراوانترین دۆڵی ئەو ناوچەیەیەو ١٦ دۆڵی دیکەی لە ئامێزی خۆیدا حەشـــار داوە. ژمارەی دانیشتووانی ١١ هەزار کەسن و ژمارەیەکی زۆریشیان بەرامبەر بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی نامۆن، تا ئێســـتاش هەندێ حاڵەتی خەتەنەکردنی کچان و هاوســـەرگیریی زۆرەملێ و ژن بەژنێ لەو ناوچەیەدا باوە. گۆڤاری گوڵان و یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە تیمێکی هاوسەفەردا، ئەو دەڤەرەیان بەسەر کردەوەو ئەم راپۆرتەیان ئامادەکرد.

لە قەســرێ بەپێی نەریتی بۆماوەیی ئافرەتێك نابیندرێت کە لەچکی لەســـەر نەبێت، فرەژنی شـــتێکی ئاســـاییەو خەتەنەکردنی کچانیش بەردەوامە. بۆ پشتڕاســـتکردنەوەی ئەوانەش گوێ لە ئافرەتانی دەڤەرەکە دەگرین و لە زاری خۆیان ئەو کێشانە و هۆکارەکانی دەخەینەڕوو.









ڕەحمە کە دایکی سێ کچە نایشارێتەوە کە هیچ شتێك لەبارەی سزادانی یاسایی بەرامبەر بە خەتەنەکردنی کچان نازانێت، کاتێکیش ئاگادار کراوە لەوەی کە بەپێی یاسای ژمارەی ٨ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی) سزای ماددی و تەنانەت زیندانیشی داناوە بۆ هاندەری خەتەنەکردن و ئەوەی خەتەنەی ئافرەت دەکات، بەنیگەرانییەوە گوتی «ئەوە خەتای حکوومەت و ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانە کە ئەو زانیارییانە بە هەموو خەڵکێك ناگەیەنن».

**فرە ئازادیی ئافرەت وکێشەی زیاتر**

خونچە ئافرەتێکی بەساڵاچووی قسەخۆشە، لەگەڵ ئەوەی تەمەنێکی هەیە، بەڵام ڕووخساری جوانییەکی تایبەتی هەیەو دەم بەخەندە بوونەکەشی ئەوەندەی دیکە جوان دەینوێنێت. ئەو ڕایوایە سەردەمی دەیەکانی پێشوو ڕێز و حورمەتی ئافرەتان زیاتر بووە، هەر لەو بارەیەوە گوتی «لەکاتی خۆی عەیبە وەك ئێستا زۆر نەبوو، هەموو کوڕ و کچ بەیەکەوە دەچوون بۆ کشتوکاڵ و کاری ڕۆژانە، گەرچی ئافرەت ئێستا زیاتر ئازادی پێدراوە، بەڵام زیاتر لەجاران تووشی کێشەی دەکەن».

خونچە جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەو ناوچەیەدا هاوسەرگیریی بە زۆرەملێ لە کۆنەوە تا ئێستا شتێکی باو بووە، بۆ نموونەش بەمجۆرە باسی لە هاوسەرگیریی خۆی کرد:

«مـن بۆ براکەم بە ژن درام، واتا ژن بەژنمان کرد، خۆم حەزم نەدەکرد شوو بەو پیاوە بکەم، بەڵام براکەم گوتی: گەر مێردی پێنەکەی، دەتکوژم، بۆیە ناچار بووم شوو بەو پیاوە بکەم کە زۆر تەمەنی لەخۆم گەورەتر بوو، جیاوازیی تەمەن و بە زۆرەملێ بەشوودانی کچیش بێگومان کێشەی زۆری هەیە



**ئەندامێکی یەکێتیی ئافرەتان لە قەسرێ:**

**«من ئازادم لە حزبدا کار بکەم، بەڵام ئازاد نیم لەوەی لەچەک نەپۆشم، چونکە لێرە دەبێت هەموو ئافرەتان لەچک بپۆشن»**

**نیوەی ئافرەتانی ناوچەکە سەربەهەوێ شوو دەکەن**

بەپرسی ڕێکخراوی ئەنجومەنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لەناحیەی قەسرێ، هێما بۆ ئەوە دەکات کە نزیکەی ٥٠٪ی ئافرەتانی ئەو ناوچەیە سەربەهەوێ شوو دەکەن. ئامینە حەسەن یەکێکە لەو سەدان ئافرەتەی کە هەوێی بەسەردا هاتووە. ئەو بە خەمبارییەکی زۆرەوە دەڵێت «کاتێك هەوێم بەسەر هات، لەو کاتەوە هەتا ئێستا کە زیاتر لە بیست ساڵە پێموایە لە زیندان دەژیم». گوتیشی «هاوسەرەکەم کوڕە خاڵی خۆمە، سەرەتا کە ماڵمان دانا، زۆر هەژار بووین، دواتر تووشی نەخۆشیەکی دەروونی بووم،، پیاوەکەم پێی گوتم دەمەوێت ژن بێنم، منیش گوتم: ڕازی دەبم بەس بە مەرجێك نابێت ئێمە پشگوێ بخەیت».

ئامینە وەك خۆی باسی کرد ئێستا دایکی شەش منداڵە و هەوێکەشی سێ منداڵی هەیە، ماوەی چەند ساڵێکیش پێکەوە قسەیان نەکردووە، بەڵام لە ئێستادا نێوانیان ئاسایی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت «ڕاستە پیاوەکەمان هاوکاریمان دەکات، بەڵام هەر ناخۆشە شەوێك لای ئێمەیە و شەوێك لای ئەوە». ئەو خانمە ئەوەش دەخاتەڕوو کە لەناحیەی قەسرێ سەر بەهەوێ شووکردن شتێکی «زۆر ئاساییە»و گوتی «هەر پیاو لە ژنەکەی تووڕە بێت، دەچێت بەدڵی خۆی ژنێکی دیکە دەهێنێت».

**یەکێتیی ئافرەتان توندوتیژی کەمتر کردووە**

ئامینە لەبارەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان دەڵێت «لەوەتەی یەکێتیی ئافرەتان لێرە پەیدابووە، توندوتیژی کەمتر بۆتەوە، دەنا پێشتر هەر حیسابیان بۆ ئافرەت نەدەکرد و هەر کوتان و لێدان بوو. بەڵام هێشتانیش ئافرەتەکان لەبەر پیاوەکانیان ناتوانن ڕوو لەم شوێنە بکەن، ئەوەش بەهۆی ترسە لە پیاوەکانیان و دەترسن تەڵاق بدرێن». سەبارەت بە خەتەنەکردنی کچانیش گوتی «خەتەنەکردن هەر ماوە، بەڵام وەکو جاران بەشێوەیەکی ئاشکرا نییە، لەلای خۆیەوە بەرپرسی ڕێکخراوی ئەنجومەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەناحیەی قەسرێ (هەوار حەمید)، هێمای بۆ ئەوە کرد کە زۆربەی ئافرەتانی ئەوێ، ڕۆژانە بەکاری کشتوکاڵەوە خەریکن، بەشی هەرە زۆریان مووچەی چاودێریی کەمئەندامانیان هەیە، زۆربەی ئافرەتەکان نەخوێندەوارن، بەتایبەت ئەوانەی کەتەمەنیان لەسەرووی ٣٥ساڵییەوەیە.



سەبارەت بە ئازادی ئافرەتانیش لەو دەڤەرە هەوار گوتی «تاڕادەیەك ئازادی هەیە، بەڵام لەهەموو شوێنێکی کوردستان دابونەریتی کۆمەڵگە زاڵە بەسەر ئافرەتدا، لێرەش بەهەمان شێوەیە. بۆ نموونە لەناحیەی قەسرێ دەبێت هەموو ئافرەتێك لەچك بکاتەسەری، دابونەریتی کۆمەڵگەو ئایین زۆر زاڵە بەسەریاندا، هەروەها ئافرەتان زۆر گرنگی بە ئایین دەدەن». سەبارەت بەدیاردەی خەتەنەکردنیش، بەرپرسی ڕێکخراوی ئەنجومەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەناحیەی قەسرێ

لەلای خۆیەوە بەپرسی ڕێکخراوی ئەنجومەنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لەناحیەی قەسرێ، لەبارەی ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر لە قەسرێ گوتی «لێرە ئافرەت زۆر ئازادە لەوبارەیەوە، هەر کوڕێکی خۆش بوێت، هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات، ئینجا لەهەر تەمەنێك بێت، بیر لەهیچ شتێك ناکاتەوەو ڕاستەو خۆ هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات، تەنانەت گەر سەربە هەوێش شوو بکات، بەڵام دیاردەی تەڵاق زۆر کەمە، گوتیشی نزیکەی ٥٠٪ ی ئافرەتانی ئەم ناوچەیە سەربەهەوێ شوو دەکەن، ئافرەتی یەکەم دەچێتە لە دادگا بۆ هاوسەرەکەی مۆر دەکات و بە هەمووشتێك ڕازی دەبێت، بەس بۆ ئەوەی ژیانی لێ تێك نەچێت، چونکە گەر تەڵاق بدرێت، هیچ داهاتێکی نییە ژیانی خۆی پێ دابین بکات». هۆکاری زۆربوونی فرەژنیشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئاستی ڕۆشنبیری لەو دەڤەرە زۆر کەمە و ئافرەتانیش بەو یاسایانەش ئاشنا نین کە لە بەرژەوەندیی خۆیانە». هەوار ئەوەش دەخاتەروو، کە ئافرەتانی ئێرە هەست دەکەن بەهۆی باش بوونی باری ئابووریی هەموو ئازادییەك بەدەست دەهێنن، بەردەوام گلەیی ئەوەدەکەن کە مووچەیەکی تایبەتیان نییە .

گوتی «ئێمە بەردەوام سەردانیان دەکەین و بۆ نەهێشتنی خەتەنەی کچان ڕێنماییان دەکەین، ئەمەش تاڕادەیەك کاریگەری هەبووە، بەڵام گەر بڵێین دیاردەکە بنبڕ بووە، ئەوە بنبڕ نەبووەو ئەم دیاردەیە هەر ماوە»

ئەندامێکی ئەنجومەنی ڕێکخراوی یەکێتیی ئافرەتانیش لەناحیەی قەسرێ، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، لەو دەڤەرە ئازادی دراوەتە ئافرەت، بەڵام بەشێوەیەکی ئەوتۆ نییە، نموونەشی بە خۆی هێنایەوە و گوتی: «من ئازادم لە حزبدا کار بکەم، بەڵام ئازاد نیم لەوەی لەچەك نەپۆشم، چونکە لێرە دەبێت هەموو ئافرەتان لەچك بپۆشن».

**پەرلەمانتارێک:**

**پەرلەمانی کوردستان یاسای جۆراوجۆری بۆ بەرگریکردن لەمافەکانی ژنان دەرکردووە، بەلام گرنگ ئەوەیە چۆن ئافرەتانی گوندنشین سەبارەت بەومافانە وشیاربکرێنەوە**



### پڕۆژەیەك بۆبڕینەوەی مووچە بۆ ئافرەتانی تەڵاقدراو و گەورە کچان

پەرلەمانتار ناسك تۆفیق ئەندامی لیژنەی بەرگری لەمافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە پلانی پەرلەمان بۆ پاراستنی مافەکانی ئافرەتان و وشیار کردنەوەی ئافرەتانی گوندنشین بەتایبەتی، بۆ گوڵان گوتی «پەرلەمانی کوردستان چەندین یاسای جۆراوجۆری بۆ بەرگریکردن لەمافەکانی ژنان دەرکردووە، بەلام ئەوەی گرنگە، ئەوەیە چۆن بتوانرێت ئافرەتانی گوندنشین سەبارەت بەمافەکانیان وشیاربکرێنەوە». بەبڕوای ناسك تۆفیق ئەو ئافرەتانەی کە لە گوندەکان دەژین وەکو پێویست وشیارییان سەبارەت بەمافەکانیان پێنەگەیشتووە، بۆیە ئەوان بەدەست زۆر کێشەی جیاوازە دەناڵێنن، گوتیشی «پەرلەمان یاسا دەردەکات و ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاو لایەنە حکومییەکانە کە دیارترینیان ئەنجومەنی باڵای خانمانە و وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتییە کار بۆ جێبەجێکردنی یاساکە و دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەت بکەن».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە پەرلەمان چ پڕۆژەیەکی بۆ چاکترکردنی باری ئابووری ئافرەتان ئامادەکردووە؟ ئەو پەرلەمانتارە گوتی «ئێمە ئێستا خەریکی داڕشتنی پڕۆژەیەکی زۆر وردین کە تایبەتە بەوەی سەرجەم ئەو ئافرەتانەی کە تەڵاقدراون، یان شوویان نەکردووە، مووچەیان بۆدابین بکرێت، بەپشتیوانی خوا بەم نزیکانە دەیخەینە نێو پڕۆژەی کارەوە».

**ئەم ڕاپۆرتە بەهاوکاری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئەنجام دراوە**



## نەخۆشخانەی نەخۆشیە دەروونییە درێژخایەنەکان


# شوێنێکی نەشیاوو ئاوڕدانەوەیەکی کەم

**لەڕابردوودا نەخۆشە دەروونییە درێژخایەنەکان، یان لە نەخۆشخانەی (ڕەشاد) ناسراو بە (شەماعیە) لەبەغدا چارەســەر دەکران، یانیش لەسەر شەقامەکان ژیانیان بەسەر دەبرد، لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ بە بڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆ لە بەندیخانەی مەحەتە کۆکرانەوەو ماوەیەك لەوێ مانەوە، دوای ئەوە بۆ بنکەیەکی تەندروســتی لە شارۆچکەی شاوێس گوازرانەوە، دواتر لەساڵی ٢٠٠٤ بۆ هۆڵی های ســیتی گوازرانەوەو دواجار لە نەخۆشــخانەی هەولێری فێرکاری و لە یەکەی نەخۆشییە دەروونییە درێژخایەنەکان گیرسانەوە. بەڵام ئەو نەخۆشخانەیە کەموکورتی زۆری هەیە کە بەشدار بووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر دەیخەنەڕوو.**

### نەبوونی کادیری تەندروستیی و توێژەری کۆمەڵایەتی

بەڕێوەبــەری یەکــەی نەخۆشــییە دەروونییــە درێژخایەنــەکان لــە نەخۆشــخانەی هەولێری فێرکاری (د.ســامان هەڵەبجەیی)، جەخت لەوە دەکاتەوە کە کێشە و کەموکوڕیی زۆر لەو بەشەدا هەیە و دەڵێت «شوێنی ئێستای ئەم نەخۆشانەیە شیاو نییە و زۆر تەنگ و بچووکە و لە بەندیخانە دەچێت، چونکە ئەو نەخۆشــانە پێویســتییان بە باخچە و گۆڕەپان و شــوێنی حەوانەوە هەیە، لە کاتێکدا نەخۆشانی دەروونی پێویستی زۆریان بەم خزمەتگوزارییانە هەیــە، بەڵام لە هەموو ئەوانە بێبەش کراون».

هەڵەبجەیی ســەبارەت بە جۆری خزمەتگوزاری لە یەکەکەیاندا ئاماژەی بەوە کرد، کەوا کێشــەی



بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە:

**شوێنی ئێستای ئەم نەخۆشانەیە شیاو نییە و زۆر تەنگ و بچووکە و لە بەندیخانە دەچێت**





گوڵان - تارا محەممەد

سەرەکی ئەوان کەمیی کادیری تەندروستی و خزمەتگوزارییە، گوتیشی «نزیکەی ٦٠ نەخۆشمان هەیەو تەنیا سێ چاودێر بۆ بەیانییان و چاودێرێکیشمان بۆ شەوانە هەیە، ئەگەرچی نەخۆشانی دەروونی پێویستی زۆریان بە توێژەر هەیە، بەڵام لە یەکەی نەخۆشییە دەروونییە درێژخایەنەکان تەنیا یەك توێژەری کۆمەڵایەتیمان هەیە»، بە قسەی ئەو بەڕێوەبەرە چەند جارێك داوایان لە وەزارەتی تەندروستی کردووە، تاکو چەند توێژەرێکییان بۆ دابمەزرێنن، بەڵام بە هۆی سەختیی کارکردن لەم یەکەیەدا کەس ئامادە نییە کاری تێدا بکات، د. سامان جەختی لەوەش کردەوە کە ئەو کارە پێویستی بە بڕیارێکی سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم هەیە بۆ پێشکەشکردنی ئیمتیازاتی تایبەت بەم بەشە، گوتیشی «لە یەکەی نەخۆشییە دەروونییە درێژخایەنەکان تەنیا دەتوانین پیاوان وەربگرین و ئافرەتەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەروونی سلێمانی دەکەین».ئەوەشی خستەڕوو کە وەزیری تەندروستی وتوویەتی: لە داهاتوویەکی نزیکدا نەخۆشخانەیەکی دەروونیی تایبەت بەم نەخۆشانە دروستدەکرێت و بوودجەشی بۆ تەرخانکراوە.

### وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی گرنگیی بەم نەخۆشانە نەداوە

د. سامان هێمای بۆ ئەوەش کرد کە نەخۆشەکانیان مانگانە وەکو هەر کەمئەندامێك بڕی ١٥٠ هەزار دینار لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن، گوتیشی «لێرە هیچ ڕێگرییەك بۆ سەردانی کەسوکاری نەخۆش نییە و هەمیشە پێشوازییان لێدەکرێ، هەروەها کەسوکاری هەرکات حەز بکات، بیباتەوە ماڵەوە، ئاساییە و دوایی دەیگەڕێنێتەوە». لە دوا قسەشیدا ئاماژەی بەوەدا کە گرنگیدان بەم توێژە کارێکی مرۆیی پیرۆزە و جێگەی دەستخۆشییە، چونکە ئەوانە لە کەسانی ئاسایی زیاتر پێویستییان بە ئاوڕلێدانەوەیە، تاوەکو ئێستاش ڕاگەیاندنەکان



بەڕێوەبەری گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی لەوەزارەتی کار:

**حەوت ساڵە داوای دروستکردنی نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشی دەروونی دەکەین و تا ئێستا وەڵامیان نەبووە**



وەزیری تەندروستی:

## لەداهاتوویەکی نزیکدا نەخۆشخانەیەکی دەروونی تایبەت بەم نەخۆشخانە دروستدەکرێت و بودجەشی بۆ تەرخانکراوە

مامەڵەیەکی دروستیان لەگەڵ ئەو کەیسە نەکردووە، بەداخەوە هەمیشە بە وێنەگرتنیان و نیشاندانیان لە تیڤییەکان سووکایەتییان بەم نەخۆشانە کردووە، ئەوەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە کەیسەکە زیاتر بڕواتە دواوە، جگە لەوەی ڕاگەیاندنەکان وێنەیەکی زۆر ترسناکیان بە کۆمەڵگە داوە و بانگەشەی جیاکردنەوەو دوورخستنەوەیان لە کۆمەڵ دەکەن، بەپێچەوانەوە ئەوانە پێویستە لەناو کۆمەڵگەدا بژین، هەروەها وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵەیەتی گرنگی بەم نەخۆشانە نەداوە، هەمان حیسابی کەمئەندام و کورتەباڵاکان بگرە کەمتریشیان بۆ دەکات، تەنانەت وەزارەت بەلای ئێمەدا نایەت و بایەخ بەم نەخۆشانە نادەن.

### هەر نەخۆشێکی شیزۆفرینیا وەك کەمئەندامان مافەکانی پارێزراوە

لەلای خۆیەوە بەڕێوەبەری گشتیی چاودێریی کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی (دکتۆر عارف حیتۆ) نیگەرانیی خۆی لەمەڕ نەبوونی جێگەیەکی شیاو بۆ ئەو نەخۆشانە دەربڕی و لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەرکی وەزارەتی تەندروستییە جێگەیان بۆ تەرخان بکات، گوتیشی «نەبوونی جێگە کێشەیەکی زۆر گەورەیە و ئەو گلەییە لە وەزارەتی تەندروستی دەکەین، ئێمە لە کابینەی پێنجەمەوە چەندین جار ئەو داوایەمان کردووە، بەڵام تاکو ئێستا هیچ وەڵامێکیان نەبووە، بەڵکو ئەوان دەڵێن ئەوە ئیشێکی قورسە، بەڵام قورس بێت یان نا، ئەوە ئیشی خۆیانە و ئەوان بەرپرسی یەکەمن، لەم نێوەندەدا ئێمەش بارگرانیمان دەکەوێتە سەرشان و زۆرجار نەخۆشانی دەروونیی درێژخایەن ڕوومان تێدەکەن لە کاتێکدا ئێمە جێگەو ڕێگەمان بۆ ئەوان نییە».

سەبارەت بەوەی کە گلەیی ئەوە دەکرێت کە وەزارەتی کار بەپێی پێویست هاوکاریی نەخۆشەکان ناکات، دکتۆر عارف گوتی «نەخۆشانی دەروونیی درێژخایەن ناسراو بە شیزۆفرینیا بەڕێگەی لیژنەی پزیشکی دەستنیشان دەکرێن، توێژەرانی کۆمەڵایەتیی ئێمە پزیشك نین، تاکو ئەو کارە بکەن، ئێمە تەنیا دەتوانین مووچەیان بۆ ببڕینەوە، لە کاتێکدا پێویستە وەزارەتی تەندروستی ئەو مووچەیەیان بۆ دابین بکات، نەك وەزارەتی کار»، گوتیشی «لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەر نەخۆشێکی شیزۆفرینیا وەك تەواوی کەمئەندامان مافەکانی پارێزراوە.

### با حکومەت ئاوڕێك لەو نەخۆشانە بداتەوە

هەر لە ناو یەکەی نەخۆشییە دەروونییە درێژخایەنەکان لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری، دایکێك کە کوڕەکەی بۆ ژووری حەوانەوە دەبرد، ئامادە بوو باسی کێشە و ئاریشەکانی خۆی و نەخۆشخانەکە بۆ گوڵان بکات، ئەو کە نەیویست ناوی بڵاو بکرێتەوە، دوور لە چاوی کوڕەکەی گوتی «خوا پاداشتی ئەم دکتۆرانە بداتەوە، شەو و ڕۆژ لە بەر منداڵی ئێمە بەخوای ئیسراحەتیان نییە، بەڵام شوێنێك نییە نەخۆشەکان تێیدا بحەوێنەوە، دەبوو حەوشەی گەورەی پڕ لە دار و گوڵ و باخیان هەبێت، چونکە ئەو منداڵانەی ئێمەمانان باری دەروونییان تەواو نییە، ئەوەش قسمەتی خوایە و هیچی لەگەڵ ناکرێت»، ئەو ئافرەتە چەند دڵۆپە فرمێسکێکی قەتیسماوی لە گۆشەی چاوی سڕییەوە و دوای دوعا و نزایەکی زۆر و سوپاسی کارمەندانی نەخۆشخانەکە گوتی «پێویستە حکومەت ئاوڕێك لەم نەخۆشانە بداتەوە، شوێنی یاری و حەوانەوە و پیاسەیان بۆ دروست بکات، نەك بیانخاتە شوێنێکی بچووکەوە، خۆ ئێرە سجنی محەتە نییە، تەنانەت سجنیش حەوشەی گەورەی هەیە».